www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:21 1-3-2007

## بۆ دەبێ هەندێ بەرهەم ساڵح و ئەمساڵەكانی تینوی لە بەینبردنی سەروەرییەكانمان بن؟! ... بروسكە رانیەیی

زۆر بە توندی دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو ڕێكخراوە دیموكراتیانەی كە لە بەرواری 2/27 بەپەرۆشەوە خوازیاری هەرچی زووترە چاك بوونەوەی مام جەلال بوون، بێلایەن نیم بەڵام نە پارتی و نە یەكێتی و نە ئیسلامی سیاسیش، نە شیوعی و نە سۆشیالیست، بەڵكو مرۆڤ دۆست و خەمخۆرێكم وەكو هەر تاكێكی دیكەی بە ویژدان، زەوتكردنی مافەكان و شێواندنی ڕاستییەكان و دواجار چەواشە كردنی ئەم گەلە ستەمدیدەیە دەمورووژێنێ و بە ئاڕاستەی خستنە ڕووی ئەو دەرەنجامانەی دەرهاویشتەی لێكدانەوە ترسناكەكانی منن، بۆ ئەم بابەتە زۆر نا ڕەحەتم و نوێژ خوێن بام شەو نوێژم لە پێناوی بەشیفا گەیشتنی تاڵەبانی دەكرد و تا توانام هەبا لە خوا دەپاڕامەوە و لە جیاتی چەند سوجدە بردنێك سەدان و هەزاران خوانەكا هیچی لێ بێت، ئەگینا كارەسات دەقەومێ، ئەویش لەبەر ئەو هۆكارانەی كە لە میانەی موتابەعەی من بۆ ڕووداو پێشهات و چۆنایەتی و شێوازی سیاسەتی دكتۆر بەرهەم ساڵحی ڕۆح سوك و دروشمە لە خۆی ڕۆح سوك ترەكانی كە هیچ بنەمایەكی ڕاست و دروست و ویژدان لەوێدا جێی بۆ نەماوەتەوە، بۆ گێلە پیاوانیش لە شێوەی ئایەتی قورئانی و حەدیسی موحەمەد موستەفا ڕەواجیان هەیە. بەدبەختی ئەم گەلە سەر لێشێواوە لەوەدایە هێندە خۆش باوەڕن، سادەن، چۆنت بوێ دەتوانی هەڵیان سورێنی و وەكو هەمیشە ئاسا بە هۆی گرفتی ئاو كارەباو سوتەمەنیەوە هەموو ئەو شتە چارەنوسسازو ململانێ لەگەڵ ناحەزانی كورد تورك، فارس، عەرەب لە بیر ببەیتەوە و توانای موتابەعەیان نەمێنێ، خۆ ئەگەر هەندێكیش هەبن درك بەو ڕاستیانە بكەن كە من دواتر دەربارەی بەرهەم ساڵح دەیانخەمە ڕوو ئەوا لە پێناوی سوودمەند بوونی خۆیان بە تەپوتۆزی دۆلار نەك هەر سەر شۆڕ دەكەن و بەرژەوەندی گشتی دەخەنە ژێر پێ، بەڵكو كەسێ باسیشی بكات دوور نییە بیخەینە خانەی تیرۆر و وەكو هەڕەشەیەك بیچوێنن. من دەرەنجامەكانی پلنیۆمی یەنك بە گاڵتە جاڕی ئەقڵیەتی ئەندامانی و لایەنگرانی حزبیان دەزانم و وە سیادەی ئەوان لە لایەك و هۆگری بوونی سەركردایەتییان لە پێناو پلەو پایە و پارەی زیاتردا ئەوانیشی بەو شێوەیە بزواندوە و وەك كەری نێو جۆگە بە حوكمی موزایەدە كردن بە شوێن كەوتوانیان بە پارەی زیاتر، ئەوانیش زۆر بە سانایی هاتنە ژێر باری ئەم واقیعە و لە پێناوی لێكێشانەوە وەكو هەندێك لە ئەندامانیان ڕاشكاوانە وایان دەرخست ئەوان دەتوانن بەرپرسەكانیان چەواشە بكەن و لە هەر یەكێ لە كوتلەكان پارەیەك بكێشنەوە بە گوتەی ئەوان گوایە پشتیان بەو پارەوە نەیەشاوە، چونكە پارەی میللەتە دیارە لەمەیاندا ڕاستیان پێكاوە، من لەمەیاندا لەگەڵیاندام بەڵام ئەوە لە بیر دەچێتەوە نمونەی وەكو دكتۆر بەرهەم ئەگەر لە میانی پروپاگەندە بۆ خۆكردنی هەرچی پارەیەكیشی بەخشیبێ دڵۆپێكە لەو دەریایەی كە لەسەر حسابی ئەوان و تەواوی میللەتی كورد مساوەمە لەسەر دۆزەكە و ئەو ئەزموونە بە خوێن بەدیهاتووە دەكات. لەوانەیە سەیر بۆ هەوادارانی و بەبێ نرخی بروانە ئەم بۆچوونەی من بۆیە دەخوازم بتوانن زانیاری بەدەست بهێنن و بزانن (بەرهەم) لە پێناوی بەرژەوەندیە تایبەتەكانی تەنانەت نەك نەیویستووە بەڵكە لە هەوڵی ڕازیكردنی دڵی دەسەڵاتدارانی شیعە بە تایبەت و سوننە بە گشتی بەمە ڕازی بكات و ئەگەر لە حاڵێكدا عەرەبەكان خۆیان نەرمیان نواندبێت ئەوا پێداگیری كردنی بەرهەم لە نكۆڵیكردنی ئەوان بەرانبەر: یەكەم مەسەلەی نەوت و بەیاسایكردنی، وپێگیری ئەو لە نەهێنانە ژێر باری دەسەڵاتدرانی بەغدا لە بارەی گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكان، و هەناردەی نەوت بۆ دەرەوەی هەرێم دیارە كە سەرگرتن و جێگیركردنی بە هەوڵی هەر لایەك بووبێ یەكێ لەو سەروەریانەو شانازیانەیە كەگەلی كورد دەباتە قۆناغێكی دیكە لە گەشەی ئابووری و كۆمەڵایەتی. . . . تد.

دەكرێ شوێن كەوتوان و هەوادارانی سەرجەم گەلی كورد لەوە بپرسنەوە و بەدواداچوون بكەن و

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرهەم ساڵح بهێنینە ژێر باری لێپرسینەوە و ئەو رۆڵە نەرەنیە قبوڵ نەكرێ. گەر راست نییەو ئەو هۆكاری ئاستەنگ هێنانە بەردەم تەقەلاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان نیە و خۆی و حزبەكەشی لە ئەنجامی كێشەو ململانێیان لە چەند كوتلەیەكدا و لە دەستدانی جەماوەرێكی زۆر بە سیاسەتی نادرووست و بەرژەوەندی خوازەنەیان و نەبوونی پێگەیەكی سیاسی كە وەكو سەرورییەك بۆ ئەوان بژمێردرێت با لەبەردەم گەلدا بە گوتەی واقعی و تەندروست نەك خەڵەتێنەر ئاسا ئەو ترس و دڵەراوكێ یانەیان كە لە ئەنجامی سیاسەتی چەوت پێرەوی لێدەكەن. پێم وایە كە بەرهەم و هەنێكی تر لە سەرانی یەنك هاندەر نابن بۆ ئەوەی كە دەسبەرداری هەوڵ لە سەندنەوەی ئەو مافانەی پێوەندی بە بچوكترین تاكەوە هەیە نەبن. پێویستە خەڵكی باش بزانن بەرهەم ساڵح بە وشە رۆح سوك و گورچك برەكانی لە هەوڵی پتەو كردنی ئەو پێگەیەیەتی كە لە بەغدا هەیەتی و رەش بینی و بێ ئومێدی ئەو بە ئەزموونی هەرێمی كوردستان وایكردووە بكارێت هێندەی خزمەتی عەرەبە ئوسوڵیەكان بكات و ئیخلاسی خۆی بەرامبەر دژایەتی كردنی بەرانبەر نوخبەیەك لە سەركردایەتی سیاسی كورد لە بەغدا بەیان بكات. خۆ هەر ئەو و سەرۆكەكەی بوون هاتبوونە ژێر باری ئەوەی كە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بخەنە ژێر ركێفی وەزارەتی بەرگری عێراق و یەكێ لە مەرجە خەتەرناكەكانیش پچڕاندنی پێوەندی (پ. م) بێت بە سەرۆكایەتی هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە، خۆ ئەگەر سەرۆكی هەرێم بە بڕیارە بوێرەكانی نەبوایە لە پێناوی مانەوە و سەلامەت بوون و قازانج كردنی دەیان ملیار دۆلاری دیكە پرۆتۆكۆڵێشیان واژۆ دەكرد و لە كاتی خۆشیدا هەر ئەو هێزە بۆ دژایەتی ئەم پرۆسەیە بە كار دەبرا، بۆیە دەڵێم با تاڵەبانی بمێنێ و خوانەكا هیچی لێ بێ دەنا سەرانی یەنك دوای یەكدی خواردن دەگەنە نۆرەی خەڵكی دی. هێندە هەیە دەكرێت رۆشنبیران و سیاسەتوانان بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعەدا بكەن كە بەرهەم و نموونەی وەك ئەو دەبنە هەڕەشەیەكی نوێ و نادیار و بەرانبەر سەروەریە بەدیهاتووەكان. . . با چیتر بێدەنگ نەبین.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.